به لووله تفەنگ چاوی دەردەهینن.
٦) لەکوتایی مانگی ٥/١٩٨٢ دا ٣ پێشمەرگە
لەگوندی قەشقە لەلایەن مەفرەزەیەکی سە
بەیەکیەتی نیشتمانی کوردستان کەمینیان
لی دانرایەوەو شەهیدکرانو بە نووسراوی
١٢٩٥ لە ١٩٨٢/٦/١٢ داوامان لەسەرکردایەتی
یەکیەتی نیشتمانی کردو چەند شاهێدو
بەلگەمان خستە بەردەست کە لیپرسراوی
مەفرەزەکەیان سەربەمیری بووەو نوکەری
عیسی ئەم خواری خائن بووە هەرچەندە بە
نووسراوی ٢٧٥/س روژی ١٩٨٢/٧/٧ بەلێنیان
داپێی کەوا تاوانبارەکان لەریگای دادگاوە
بەسزا دەگەیەنن بەلام بەداخەوە هەر قسە
بوو.
٧) لە هاوینی رابووردوودا کاتێك
مەفرەزەیەکی هەریمی ٥ی شارەزوورمان
دەیەویست بچیتە قەرەداغ بو سەردانی خزمو
کەسوکاریان لەروژی ١٩٨٢/٧/١٠ لەگوندی
(تەمەل) لەلایەن هیزەکانی یەکیەتی
دەوریان دەگیریو تەقەیان لی دەکری لە
ئەنجامدا پێشمەرگەیەکمان بەناوی
(سلیمان تلەزەیتی) شەهید دەکەنو
یەکیکی تریش بریندارو یەکیکیش بە دیل
دەگرن.
٨) لەروژی ١٩٨٢/٨/١١ پێشمەرگەیەکی حزبمان
بەناوی حمە کانە گەرمیانی لەلایەن
چەکدارەکانی یەکیەتی نیشتمانی چوارتەکرێت
- ٢٥ -

٩) لەروژانی ٢٤-١٩٨٢/٧/٢٥ لەدەشتی کویە
لەلایەن دوو لیپرسراوی یەکیەتی نیشتمانی
بەناوی شیخ شەمال و سەرباز کەمین بو
هەفالانی هەریمی ٥مان دادەنینەوە بەلام
هاونیشتمانی ناوچەکە خەبەر دەدەن بە
پێشمەرگەکانی حزبمان و ناهیلن بکەونە
کەمینەکەوە.
١٠) نزیکەی دوومانگ پیش ئیستا پێشمەرگەیەکی هەریمی ٥مان بەناوی ئازاد ظاهرلەگەل
ژمارەیەك چەکداری یەکیەتی لە گوندیکی
دەشتی کویە دەکەویتە مناقشەی سیاسی
چەکدارەکانی یەکیەتی کاتیك ناتوانن لە
مناقشەکەدا خو رابگرن گورج پەلاماری دەدەن
وەچەکی دەکەن.
١١) لەروژی ١٩٨٣/١/٢٢ کاتیك مەفرەزەیەکی
قارەمانی هەریمی ٥مان بەلیپرسراویەتی
هەفال کاکە سوور چەند دەست وەشاندنیکی
قارەمانانە ئەنجام دەدات دژی رژیمولە
گەرانەوەدا لەلایەن چەکدارەکانی یەکیەتی
کە لیپرسراوەکانیان (شیخشەمالو سەرباز)
بوون بەناوی دوستایەتی و ناسیاوی دەوریان
دەگیری و چەك دەکرینو لیپرسراوەکەشیان
کە هەفال کاکە سوورە بەبەندی رەوانەی
ناوزەنگ دەکری و ئیستاش بەندە لایانو
هەرەشەی کوشتنیشی لی کراوە.

سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
- ٢٦ -

لە بەیاننامەکەیاندا چەند رووداویکی
هەلبەستراوو دروست کراویان باس کردبوو
کە گوایە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئیمە
کردویانە. هەروەها چەند رووداویکیشیان
بە ئاوەژوو ئیویینراو تیکەلاوکردبوون کە
بەقەد ئەرزو ئاسمان لە واقیعەوە دوورن.
بویە بە پیویستمان زانی کەوا مناقشەیان
بکەین.
١) باسی مەوزوعی تەقە کردن لە دولەرەقە
لە (عمر حاجی ابراهیم) دەکەن کەگوایە
پێشمەرگەی ئیمە بە ئاربیجی چوونەتەسەری
وە تەقەیان لی کردووە- سەبارەت بەو
رووداوە کە خەلکی دولەرەقەو پێشمەرگەو
هەموو جەماوەری کوردستان باش دەزانن
کەوا عمر حاجی ابراهیم تاوانباریکەو
بەشداربووە لە شەهیدکردنی ٨ پێشمەرگەی
دیلی حزبمان ئەگەر ئیمە بروامان بە
انتقامی عەشایەرانە هەبیت باکمان نیەو
مافی خومانەو بەئاشکراو اعلانیشی دەکەین.
بەلام راستیەکەی کە هەول دراوە بشاردریتەوە
ئەوەیە ناوبراو لەلایەن یەکیك لە
مەسئولەکانی خویان کەناوی (شیخ هومەر)
بوو تەقەی لیکراوەو هیچ پەیوەندیەکی
بەحزبمانەوە نیە. ئەم راستیە لەخویشیان و
لەهەموو کەسیش روونە.
٢) باسی ئەوە دەکەن کەگوایە لە کومتەمان
کەمینیان بو دانراوە. ئەو رووداوەهاوری-
- ٢٧ -

یانی حزبیشیوعی ئاگاداربوون کاتیك کە
مەفرەزەیەکی حزبمان میوانی رەشمالیکی
رەوەندەکان بوون و بو چارەسەرکردنی
کیشەی لەوەروپاوانی رەوەندەکان دەچنە
ئەوی. لەوکاتە سەیارەیەکی پرلەپێشمەرگە
لە کومتانەوە دیت و نزیك رەشمالەکە
دەوەستی و چەند پێشمەرگەیەکیلی دادەبەزی
وە بەکسەر رادەکەن بەرەو شاخەکەو دەست
دەکەن بەتەقە کردن. پاش ماوەیەك پیستمان
کەوا (علی نبی) ناویکی تیدابووەو ناوبراو
لەخوی بەگومان بووەو وا تیگەیشتووە کە
پێشمەرگەکان بەتایبەتی بو ئەو چوونەتە
سەر جادەو نیازی خراپیان لەگەلیا هەیە.
٣) باسی بەچکە ئاغایەك دەکەن کە گوایەلە
جاشەتی گەراوەتەوە و پاشان پ.م طلا
حسنی شەهید کردووە. بەراستی پیمان خوش
نەبوو باسی بەچکە ئاغا بکەین چونکە کورد
گوتەنی یەکیك مالی سەرتاپا لە شووشە
بیت هەق نیە بەرد بگریتە پەنجەرەی خەلکی
تر. ئەم مەوزوعە خەلکی کوردستانو هیزە
نیشتمانیەکان باش دەیزانن ئاخودەرەبەگ و
بەچکە ئاغاو کەسانی گەراوە لە جاشیەتی و
خیانەت روو لە چ لایەك دەکەنو ئیستا
موقعیان لەکوییە. بەلام دەربارەی ئەو
بەچکە ئاغایەی باسیان کردووە دووسالو نیو
پێشمەرگە بووە لای خویان و هەرلای
خوشیانەوە هاتوتە پال ریزەکانی حزبمانەوە
- ٢٨ -

لایەلاکردنو نەهێشتنیان بلەبێن بەخەباتی یەکگرتوی جەماوەری گەلەکەمان و هێزە نیشتمانیەکانی ؛ تاکو ئیرادەی خومان فەرز بکەین لە باشترین شێوەی ژیانی دیموکراتیدا .

١- بونی جیاوازی بیروڕا و خیلافی سیاسی لەنێوان هێزە نیشتمانیەکاندا کە ئەمەش شتێکی سروشتیە لە جەوی ئاسایی و دیموکراتیا هوکاری هێزو ئیجابیەتە. بەلام شێوەی تێگەیشتنو رەفتار لەگەل کردنی لە حزبێکەوە دەگوریت بو حزبێکی تر . ئێمە لەگەل برایانی یەکێتی نیشتمانی لەرووی فکری و سیاسیەوە جیاوازیمان هەیە هەروەکو لەگەل برایانی حزبی شیوعیو پاسوکو پارتیش هەمانە . بەلام زور خالی هاوبەشیشمان هەیەو لەسەر مەسەلەی ئەساسی کە ئەویش روخاندنی رژێمو دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتیو هێنانەدی ئوتونومی راستەقینە بو کوردستان خیلافمان نیە . بویە ئێمە گیروگرفت و خلافەکانی تر لەم قوناغەدا بەشتێکی لاوەکیو خیلافاتی ناو ریزەکانی گەل دەزانین کە دەبی بەرێو شوێنی دیموکراتیانەو وتوویژی برایانە چارەسەر بکرێن . هیچ کاتێک لە تەحلیل و هەلسەنگاندنەکانمان یەکێتی نیشتمانیمان بە هێزێکی دوژمنو نانیشتمانی دانەناوە ، کەوا بوو نەمانفامان بە خومان



داوەو نەپێشمەرگەو کادرەکانمان فێر کردووە بەچاوی دوژمنایەتی سەیریان بکەینو رەفتاریان لەگەلا بکەین. بەپێچەوانەوە هەولی دامەزراندنی پەیوەندی دوستایەتیو هاوخەباتیمان داوە لەگەلیان ئەمەش کونگرەی یەکەمی حزبمان بریاری داوە. بەلام برایانی یەکێتی نیشتمانی لە هەلسەنگاندنەکانیان زور جار ئێمەو لایەنەکانی تریان لەخانەی دوژمنان و دەرەوەی ریزی نیشتمانی داناوە . ئەم بوچوونو هەلسەنگاندنە چوتانەش رایکێشاون بو ئەوەی رەفتاری دوژمنانەمان لەگەلدا بکەن . وەکو لە نامیلکەی (جوش و خروشی خەبات) و نامیلکەی (یەکێتی نیشتمانی بوچی)دا دەردەکەوی .

٢- کەلکەلەی تاکە حزبی و حزبی سەرکردە : ئێمە زور جار تاکیدمان کردوتەوەو بەرەفتاری روژانەش سەلماندومانە کە خومان بە بالێکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەزانینو رێزیش بو خەباتی هەموو لایەنە کوردستانیەکان دادەنێینو حەز بەبرایەتی و هاوخەباتیان دەکەینو لەگەل چەند لایەنێکیان لەناو (جود)ا باشترین پەیوەندی برایانەو هاوخەباتیمان هەیە . وە ساحەی کوردستان بەمەلبەندی خەباتی هەموو نیشتمانپەروەرانو تێکوشەرانی کورد دەزانینو بەچاوی سوك تەماشای هیچ



رێکخراوێك ناکەین . بەلام برایانی یەکێتی نیشتمانی وەکو لەبیر کردنەوەی سیاسی و هەلوێستیشیاندا لە بیندری خویان بە تاکە حزب و تاکە سواری مەیدان دەزانن و بەچاوی بێبایەخی و سوکیەوە تەماشای هێزە کوردیەکانی تر دەکەنو لەو شوێنانەی بوێشنیان بکری رێگای چالاکی لایەنەکانی تر دەبەستنو برواییان بەگیانی دیموکراتی و بەرەیی زور لاوازەو تەنها حسابی هێزو دەسەلاتی زوژ دەکەن .

٣- پاشماوەی دوژمنایەتی مێژووی کون : ئێمە وەکو حزبی سوسیالیستی کوردستان کە خومان بە حزبێکی نوی و هەلگری بیرو باوەری سوسیالیستی زانستی دەزانین ، هەر لەسەرەتاوە رامان گەیاندوە کەوا ئێمە خومان بە میراتگری لایەنە سلبیەکانی کونی شورشی ئەیلولو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد نازانینو بەچاوێکی زانستیانەو مەوزوعیانە بودەرس وەرگرتن نەك بو تانەو لومە و باسی هەلەو لادانو تەجروبە دژوارەکانی رابوردو دەکەین .

٤- بونی تەئسیری دەرووپشت وسیاسەتی مەحورکان، ئەمەش زور جار تەئسیری خوی هەیە ، حزبمان کە ئیستقلالیەتی خوی بەهەموو نرخێك پاراستوە هیچ کاتێك خوی تێکەلاوی میحوەرەکانی دەورو پشت نەکردوە .

٥- جیگابونەوەی دەست و تاقمی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی یان گومان لێکراو



لەناو ریزەکانی بزوتنەوەی شورشگیری کە بەهەموو شیوەیەك هەول دەدەن ئالوزیو ئاشوبی بلاوبکەنەوە و لەخیلافاتی حزبەکان کەلك وەربگرنو بەرژەوەندیەکانی خویان بپارێزنو نەخشە گلاوەکانی دوژمن جیبەجی بکەن . ئێمە لێرەدا ئەم خالە بو جەماوەری کوردستان بەجی دیلین کەوا حوکمی دادپەروەرانەی خویان بەسەردا بدەن .

برایانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەگەر جدی بنو بەدلسوزیەوە بیبانەوی بو زەمینەی برایەتی و هاوکاری لەگەل هێزە نیشتمانیەکان بگەرێن ، دەبی بەجورئەتی شورشگیرانە ئەو روحیەتو بیرکردنەوەو بوچونە سیاسیانەی سەرەوە بدەنە تیشکی بیرو باوەری زانستیو بەچاوی رەخنەگرانەی مەوزوعیەوە هەلویستیا لی دیاری بکەن .

هاونیشتمانانی بەرێز :

ئێمە لەکاتێکدا ئەو راستیانەی سەرەوە باس دەکەین مەبەستمان نیە ئالوزی زیاد بکەینو لایەنی نەباشی بەلاوە بنێین بەلکو زیاتر لەبەپەروشو هەست کردن بەمەسئولیەتی مێژوویمانە بو ئەوەی نەخوشیەکانمان و هویەکانی و شێوەی چارەسەر کردنیان بدوزینەوەو زەمینەیەکی پتەو دابنێین بکەین بو خەباتی یەکگرتوی هێزە نیشتمانیەکانی کوردستانیو عیراقی .